

امیرعباس امیرشکاری
له فارسییه‌وه: وریا غه‌فوری

فرانسوا ماری ئۆرۆئێ(١) ناسراو به ڤۆڵتێر(٢) (١٧٧٨/٥/٣٠ - ١٦٩٦/١١/٢١) نوسه‌ر، وتارنوس، بڕوادار به هه‌بوونی خودا و بێبڕوا به ئایین، فه‌یله‌سوف و ڕۆشنبیری فه‌ڕه‌نسی زیاتر به‌هۆی قسه‌خۆشی، تیژبیری و پارێزگاری له ئازادییه مه‌ده‌نییه‌کان به تایبه‌تیش ئازادیی ئایین و مافی دادگایی کردنی دادپه‌روه‌رانه، ناوبانگی ده‌رکردووه.

ئه‌و سه‌ره‌ڕای سانسۆڕی به‌ربڵاو و زۆڵمی یاسا نادادپه‌روه‌رانه‌که‌ی فه‌ڕه‌نسا، پشتیوانێکی ڕاشکاوی چاکسازیی کۆمه‌ڵایه‌تییه. ڤۆڵتێر فه‌یله‌سوفێکی مشتومڕ و ڕه‌خنه‌ییه که زیاتر خه‌ریکی ڕه‌خنه‌ی توند گرتنه له دۆگماتیزمی زاڵ به سه‌ر کڵێسه‌و دام وده‌زگا فه‌ڕه‌نسییه‌کانی سه‌رده‌می خۆی.

# دەروازەیەك بۆ
# ئەندێشەكانی ڤۆڵتێر

ڤۆڵتێر لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا سەرەڕای کتێب و وتار، خاوەنی گەلێک نامەی تایبەتییە کە کۆی گشتییەکەی زیاترە لە بیست و یەک هەزار نامە. کەسایەتیی ڤۆلتێر لە ڕێگەی ئەو نامانەی کە نوسیویەتی بە شێوەیەکی باشتر شی دەکرێتەوەو دەناسرێت. هەندێک لە لێکۆڵیاران پێیانوایە؛ وزەو کراوەیی بۆ گۆڕان، سەرنج نەدانە سەر بنەما ئەخلاقییەکان و بە بڕیاربوون بۆ گەورەکردنەوە و دووانە ئاخاوتن بۆ هەڵهاتن لە ڕەخنەی دوژمنان، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەوە. ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەندێشەی ئەدەبی، ئایینی و سیاسیی ڤۆڵتێر.

**ئەدەبیات**

ڤۆڵتێر لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیەوە لە بواری هۆنینەوەی شێعردا زۆر بلیمەتانە دەرکەوت، بە جۆرێک کە دیوانی شێعرەکانی، بە یەکەم بەرهەمی چاپکراوی دێتە ئەژمار. خاوەن ڕاکان دوو پەخشانی درێژی ئانریاد(٣) و قەیرەکچی ئۆرلێئان(٤) لە پاڵ شێعرە کورتەکانی دیکەیدا بە گرنگترین بابەتە ئەدەبییەکانی ڤۆڵتێر دەزانن. گەرچی ڕای گشتی زیاتر پێشوازی لە کورتە شێعرەکانی ڤۆڵتێر دەکات.

ئانریاد بە لاسایی کردنەوەی ویرژیل(٥) بە کەڵک وەرگرتن لە دووبەیتیی یەک ئاهەنگ بەشێوازی ئەلێکساندرین(٦)(هەڵبەت چاککراوەکەی) بە ئامانجی شانۆیی، نوسراوە. هەندێک پێیانوایە کە شیعرەکانی ڤۆڵتێر لە بزواندنی هەستەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، تێگەیشتن لێیان زۆر دژوار نییە، بۆیەش پێیانوایە ئەم دوو تایبەتمەندییە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر شێعرەکانی دانــاوە. لە لایەکی ترەوە؛ قەیرە بەرهەمێکی کۆمێدییە کە تێکڕا هێرش دەکاتە سەر ئایین و مێژوو.

زۆربەی پەخشان و ڕۆمانەکانی ڤۆڵتێر، ئاوێتەیەکن لەو نامیلکانەی کە بە شێوازێکی

> **ڤۆڵتێریش وەك زۆربەی كەسایەتییە گرنگەكانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی ئەوروپا بە دەئیست دێتە ئەژمار. ئەو پێیوانەبوو كە ئیمانی ڕەها بۆ بڕوامەندی بە خوداوەند پێویستییەك بێت**

مشت و مڕاوی نوسراون. کاندید(٧)، هێرش دەکاتە سەر گەشبینیی ئایینی و فەلسەفی.

مرۆڤ دەتوانێت لە چل دراو(٨) ڕێکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمی ئەو بناسێت و هەندێکی دی لە نوسینەکانی ڕابواردنە بە کتێبی پیرۆز. لەم بەرهەمانەدا شێوازی پشتبەستوو بە تانەو تەشەری ڤۆڵتێر بە بێ هیچ گەورە کردنەوەیەک بە ئاشکرا دیارە. ڤۆڵتێر هەرگیز بۆ ماوەیەکی درێژ لە خاڵێکدا نامێنێتەوە، ئەو دەمێنێتەوە تاوەکو ئەوەی وتویەتی بە گاڵتەی بگرێت، بە شیکردنەوەی قسە نەستەکەکانی، قاقای پێکەنینی بەرز بێتەوە و هەندێکجاریش لە بیچمەکەیاندا زیدەڕۆیی بکات. بەرهەمە بەناو بانگەکەی واتە کاندید باشترین نموونەی ئەم شێوازەیە.



مۆنتیسکۆ

بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر بە تایبەتیش نامە تایبەتییەکانی بە شێوەیەکی بەردەوام هەڵگری وشەی ڕیسوایی(٩) و کورتکراوە، یان پێگەیشتووی دەستەواژەی ڕیسوایی پێشێل بکەنە(١٠)؛ گەرچی ئەم دەستەواژەیە زیاتر بە شێوازێکی خراپ لێکدراوەتەوە. گەورەترین بەرهەمی فەلسەفیی ڤۆڵتێر، فەرهەنگی وشە فەلسەفییەکانە(١١) کە گەلێک وتارو بابەتی کورت لەخۆ دەگرێت، لەلایەن خۆیەوە پێشکەشی ئەنسیکلۆپێدیا (١٢) کراوە. لەم نووسینانەدا، دامودەزگا سیاسییەکانی فەڕەنسا، دوژمنەکانی ڤۆڵتێر، کتێبی پیرۆز و کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمی بە توندی دەدرێنە بەر ڕەخنە.

**دەئیزم(١٣)**

ڤۆڵتێریش وەک زۆربەی کەسایەتییە گرنگەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی ئەوروپا بە دەئیست دێتە ئەژمار.

ئەو پێیوانەبوو کە ئیمانی ڕەها بۆ بڕوامەندی بە خوداوەند، پێویستییەک بێت. ڤۆڵتێر ئاوا دەنوسێت: ئیمان چییە؟ بڕوا بەوەیە کە کامیان ئاشکراو ڕوونە؟ نا لە مێشکی مندا بە تەواوی بابەتێکی ڕوون و ڕاشکاوە کە هەستییەکی پێویست، زاتی، تاهەتایی و زیرەک، بوونی هەیە. ئەمە بابەتی ئیمان نییە، بەڵکو بابەتی عەقڵە.(١٤) بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەندێشەکانی

نیۆتۆن و بنەماکانی فیزیای نیۆتۆنی، ڤۆڵتێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرپاکی فەلسەفەی نیۆتۆن، بەپێی پێویست بە مەعریفەی بوونێکی باڵا دەگات، کە ئەفرێنەرو بەڕێوەبەری هەموو شتێکە لە رووی ئازادییەوە. لەو رووەوە کە بەپێی بنەمای فیزیای نیۆتۆنی، بۆشایی لە پانتایی جیهاندا بوونی هەیە. کەواتە مادده بە کۆتایەو کۆتا پێویستی بە ئەگەرو ئیمکان هەیە. بەم چەشنە، مادده، ئەگەری بوونی هەیە و لە زاتی خۆیدا پێویستیی بە ئافرێنەرەو خواوەند ڕاکێشەری و جوڵەی وەک خەسڵەتی عەرەزی لە ماددەدا دەستەبەر کردووە.

بۆیە ڤۆڵتێر داخڵ بە وەتەزای سەلماندنی عەقڵیی بوونی ئافرێنەر دەبێت و هۆکارێک لەسەر بنەمای هۆیەکیی ئامانجدار بۆ ئەم سەلماندنە ئاراستە دەکات. ئەم هۆکارە لەسەر ئەو بونیادە دامەزراوە کە جیهان وەک کاتژمێر، پێویستی بە بوونی خۆڵقینەرێکە لە پێگەی دروستکەری کاتژمێردا.(١٥) بەم چەشنە سیستەمی جیهان دەتوانێ مرۆڤ ناچار بکات، تا وەکو بیر لە ئەندازیار و هەندەسەزانێکی هەمیشەیی بکاتەوە.(١٦) هۆکارێکی دی کە دواتر لە سەر دەستی ڤۆڵتێر خۆی وەلا نرا، گەڕانەوە بۆ بورهانی ئیمکان بۆ سەلماندنی بوونی خواوەند وەک زاتێکی «واجب الوجود»ە. واتە چونکە کەرەستە و ماددەکان «مومکین‌الوجود»ن، بۆ ئەوەی نەیەنە پانتایی بوونەوە، پێویستیان بە واجب الوجودێکە کە کەموکورتیی بوونیان قەرەبوو بکاتەوە، لە جیهانی نەبوونەوە بۆ جیهانی بوونیان بهێنێت و بەمشێوەیە کە بوونی زنجیرەی ماددەی مومکین کاتێک ڕوودەدات کە واجب‌الوجودێک بۆ پلەی بوون بەرزیان بکاتەوە ئەم واجب‌الوجودە خواوەندە.(١٧)

بەم حاڵەشەوە سەرەڕای پاراستنی پێوەندیی خۆ لەگەڵ دەئیزم، لە هەندێک لە بەرهەمەکانیدا لەوانە؛ کاندید، ئیرادەی خوایی، وەک بابەتێکی گاڵتەجاڕانە سەیر دەکات، پرسیارەکەی سێنت ئۆگۆستین (١٨) کە خۆیشی بێ وەڵام وازی لێهێنابوو، دیسان گەڵاڵە دەکاتەوە: بۆچی شەڕی زۆر لە ئارادایە [ ئاخۆ] هەمووی لە لایەن خواوەندێکەوە بەدی هاتووە کە سەرجەم خواپەرستەکان پێکەوە لەسەر بەناوکردنی بە خێر ڕێککەوتوون؟

لە وەڵامدا ڤۆڵتێر لایوایە وشەی شەڕ و بەختەوەری خۆیان لێڵ و تەموومژاوین و ئەوەی لەوانەیە بۆ کەسێک شەڕ بێت بۆ سەرجەم سیستەمی جیهان خێرە؛ ئەویش هاوشێوەی نیۆتۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەردەوامیی ئەو نەوانەی هەمیشە لە نێو چوون و دیسان سەریان هەڵداوەتەوە، بەشێکە لە سیستەمی جیهانی هەستی. لەو ڕووەوە کە خواوەند هۆی یەکەمین و بوونی کۆتاییەو چەمکی هۆیەکی، بێ بوونی هۆکرد بێمانایە کەواتە جیهان دەبێ تا ڕۆژی ئەبەد لە خواوەندەوە سەرچاوە بگرێت؛ هەرچەند لەبەر ئەگەری خۆی و گرێدراویی بە واجب‌الوجودەوە، خاوەنی بوونێکی جیا لە بوونی خواوەندە، لەبەر ئەوەی کە شەڕ لە جیهان نابێتەوە، زەرور و پێویست و بوونیشی گرێدراوی یەزدانە، بەڵام چونکە خواوەند بەپێی خواست و ئازادی خەلقی نەکردووە، تەنیا لە حاڵەتێکدا هۆکاری شەڕە کە بە خواست و ئیختیار خەلق کرابێت. بەم چەشنە، خواوەند بەدیهێنەری شەڕ نییە.

**ڤۆڵتێر بە ئیلهام لە نیۆتۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە ناوکۆی کەموکورتی مەعریفەی مرۆڤەکان سەبارەت بە سروشت ناکرێ بوترێ کە بۆ ئافرێنەر، ئەگەری ڕامان لەسەر ماددەی بەردەوام مومکین نابێت**


جۆن لۆک

ڤۆڵتێر بە ئیلهام لە نیوتۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە ناوکۆی کەموکورتی مەعریفەی مرۆڤەکان سەبارەت بە سروشت ناکرێ بوترێ کە بۆ ئافرێنەر، ئەگەری ڕامان لەسەر ماددەی بەردەوام مومکین نابێت. بۆیە پێچەوانەی کۆمەڵێک لە فەیلەسوفانی یونان کە لایان وابوو نەفس، بریتییە لە نەفسی عەقڵ و نەفسی هەست، ئەندێشەی ڤۆڵتێر لە سەر ئەو بناغە دامەزرابوو کە چونکە نەفسی هەست، جووڵەی ئەندامەکانی مرۆڤە کەواتە نەفسی ڕۆحانی تەنیا جۆرێک فرەوێژییە بۆ پەردەپۆش کردنی نەزانی. لێرەوە ڤۆڵتێر لەسەر بنەمای ئەم خاڵی گواستنەوە، ڕادەگەیەنێت کە مشتومڕ لەسەر شوناسی میتافیزیک و فەلسەفەی یەکەم، بێ دەرەنجامە. واتە حەقیقەتی ئەو زانستە لای هەمووان ڕوونە و ئەوەی دەمێنێتەوە، خەیاڵاتێکە کە هەرگیز دیاریی ناکرێت.تێگەیشتنی مرۆڤ ئاستێکی هەیە کە دەبێ پێی قایل بێت، لەهەر شتێکدا کە ناتوانێ بیری لێبکاتەوە دەست نەداتە خەیاڵکردن. دەبێ هەست و ئەزمون بکرێتە بناغەی زانست و مەعریفە، ئەوەی لە ڕێگەیەوە بەدی دێت بکرێتە تەوەری ڕامان.

بەم چەشنە وێڕای بەرپەرچ دانەوەی توندی ئایینی تاک شێوە، و بێ بڕوا بە تەواوکەر یان هەر شتێک کە بنەڕەتی لەسەر دەقی ئایینیی تایبەت یان تایبەتمەندییەکی جیاوازو یان سوننەتی وەحی دامەزرابێت، ڤۆڵتێر بڕوای بە جیهانێک هەیە کە تەنیاو تەنیا لەسەر عەقل بونیات نراوە، لەڕاستیدا ئەو ئاوێتەی ڤۆڵتێر لە عەقڵ و ڕێزگرتن لە سروشت دەیدا بە دەستەوە، زایەڵەی پانتەئیزمی (٢٠) هاوچەرخە کە بە شێوەیەکی هەردەم زیادکەر سەرتاسەری سەدەکانی ١٧ و ١٨ ڕێزی زۆری لێگیراوەو وەک فۆڕمی ناسراوی دەئیزم یان پانتەئیزمی ڤۆڵتێری(٢١) ئەمڕۆکە بەردەوامیی هەیە.

ڤۆڵتێر بە لە بەرچاوگرتنی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لە مەڕ کۆنفۆسیانیزم و ڕێبازی یاساگەرایی وێنای چینیی سیاسەت و فەلسەفە کە بەپێی بونیادە عەقڵییەکان بۆ لێکدانەوەی ڕەخنەگەرانەی ئایینیی بە ڕێکخراوبووی ئەورووپی و ئاریستوکراتی میراتییە، دەستەبەر دەکات.

## مەسیحیەت و ژیاری هیندی

سەرباری ئەوەی کە ڤۆڵتێر بە ئاتێئیست (٢٢) دانراوە دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو لە چالاکییە ئایینییەکانیشدا بەشداری دەکرد، تەنانەت لە موڵکەکەی خۆی لە

فرێنی(٢٣) کڵێسەیەکی هەبوو. یەکەم سەرچاوە بۆ سەلماندنی نەبوونی ئینتیمای ڤۆڵتێر بۆ ئاتێئیزم لە بەیتە شێعرێکی خۆیدا بە ئاشکرا دەربڕاوە:

**ئەگەر خوایەک بوونی نییە، پێویستە دابهێنرێت. (٢٤)**

بەڵام ئەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر بخوێنێتەوە، لە هەستە ڕاستەقینەکانی دەگات. هەڵبەت ئەمە بەو مانا نییە، کە ڤۆڵتێر لە لایەنگرانی پابەند بە کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمییە لەو ڕووەوە کە بە کردەوە کێشەی زۆری لەگەڵ دەمارگرژییە ئایینییەکانی ڕۆژدا هەبوو، بە هەر چەشنە هەر وەک گەلێک کەس لەسەر ئەم باوەڕەن، گومانی تێدا نییە، کە ڤۆڵتێر ئاتێئیست نەبووە. (٢٥)

ڤۆڵتێر، سەبارەت بە دەقە ئایینییەکان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کتێبی پیرۆز سەرەتا لە ڕوانگەی یاسایی یان ئەخلاقییەوە سەرچاویەکی باوەڕپێکراو نییە، دووەم ئەوەی کە بە گشتی خوازەیەکە کە هێشتا هەندێک وانەی بە کەڵکی تێدایە، سێهەم ئەوەی کە نەک بەخششی خواوەند بەڵکو بەرهەم و دەستکردی مرۆڤە. ئەم باوەڕە ناوبراوانە سەرباری لە خۆگرتنی بەدناویی کڵێسەی کاسۆلیک، کردەوەی ئایینی ڤۆڵتێر بەرپەرچ نادەنەوە.

ڤۆڵتێر لایوایە کە ژیاری هێندی، باوانی ژیاری ڕۆژئاوا (مەسیحییەت و یوهودییەت) بووە و هێندییەکان بە یەکەم فەیلەسوف لە قەڵەم دەدات. ئەو لە دیکشێنێریی فەلسەفیدا، لەژێر سەردێری برەهمەنەکان، دەڵێت: ئایا گریمانەی ئەوە نییە کە برەهمەنەکان، وەک یەکەمی یاسادانەرانی سەر زەوی، یەکەمین فەلەسوفەکان و یەکەمین زانا ئایینییەکان بێنە ئەژمار؟ دواتر پێیوایە کە ئایینی هیند و ئەندێشەکانی برەهمەنەکان خاوەن سروشتێکی نەرم و نیان و سەرسوڕهێنەرە و میسیۆنە مەسیحییەکان کە هەوڵی ڕەشکردن و سنووردار کردنی ئەم ئایینەیان داوە، دەداتە بەر ڕەخنەی توند:

ئەمە تەنیا بەشێکی بچووکی گەردون ناسیی برەهماییەکانە. ڕێوڕەسمە ئایینی و پەرستگاکانیان دەیسەلمێنێت کە لەنێوان ئەواندا هەموو شت بە شێوازێک نمایشکارانەیە (تمپیلی). برەهمەنەکانی هێشتا کردەوەی چاک بە ژێر هێمای ژنێک دەزانن کە دە دەستی هەیە، لەگەڵ دە تاوانی ئەخلاقیدا کە دێوەزمەکان هێناویانەتە ئاراوە، دەجەنگێت.میسیۆنەرەکانی ئێمە بە هۆی وێنەی ئەهریمەن و دڵنیاکردنەوەی ئێمە لەوەی کە لە هیندستان ئەهریمەن دەپەرەستن، لە وەرگرتنی ئەم وێنایە لە کردەوەی چاک، کەم وکورتیان نەبووە. ئێمە هەرگیز لە نێو ئەو خەڵکەدا نەژیاوین، بەڵام خۆمان بێ پێویستی و ئەوانیشمان بەدناو کردووە.

پێدەچێت بوترێ کە هەوڵ دراوە ڤۆڵتێر وەک ئازارێک بەرانبەر بە گەلێک لە بڕوامەندانی ئایینەکان نیشان بدرێت، هەڵبەت ئەو بە شێوەیەکی جیهانی بەم خسڵەتەوە ناسراوە. ڤۆلفانگ ئامایێنۆس مۆتێزارت(٢٦) کە یەکێک لە بڕوامەندە مەسیحییەکانە لە ساڵرۆژی مردنی ڤۆڵتێردا ئاوا بە باوکی دەڵێت» سەرەنجام ڤۆڵتێری مامۆستای خوێرییەتی بە نوکە شەق نێردرایە سەتڵی زبڵەوە...(٢٧)

**یەکەم سەرچاوە بۆ سەلماندنی نەبوونی ئینتیمای ڤۆڵتێر بۆ ئاتێئیزم لە بەیتە شێعرێکی خۆیدا بە ئاشکرا دەربڕاوە: ئەگەر خوایەك بوونی نییە، پێویستە دابهێنرێت.**



نیوتن

## ئازادی یان ئیختیاری مرۆڤ

ڤۆڵتێر لە نامیلکەی سەبارەت بە مێتافیزیک(٢٨) هەستاوە بە پارێزوانی لە ڕاستیی ئازادی، لە فەلسەفەی نیوتۆندا(٢٩) دەستیداوەتە شیکردنەوەی شوناسی ئێختیاری مرۆڤ و پۆلێنکردنی بۆ دوو جۆر. جۆری یەکەمی ئێختیاری مرۆڤ لەو بەشەی کاروبارادایە کە مرۆڤ خاوەن مۆتیڤێکی تایبەتی بۆ ڕێنوێنی ئەم ئێختیارە بە شێوەی چالاکییەکی تایبەت نییە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، کە مرۆڤ خاوەن ئازادیی ڕەها یانیش ئازادیی کەمتەرخەمییە(٣٠). ئەگەر مرۆڤ بەرەو شوێنێک بکەوێتە ڕێگە و جیاوازییەک نەکات لە نێوان وەستان و جوڵاندا و نە مەیلی بە ئەنجامی کارێک بێت و نە ڕقی لە نەکردنی ئەو کارە بێت، ئەوا ئازادیی کەمتەرخەمی دێتەوە ئاراوە. جۆرەکەی دیکەی ئێختیاری مرۆڤ ئازادیی خۆڕسکە(٣١) بە دەربڕینێکی دی مرۆڤ خاوەن هەندێک مۆتیڤە کە دوا دەرەنجامی غەریزەکانی و دیاریکەری دروستبوونی ئیرادەیەتی.

ڤۆڵتێر بۆ شیکردنەوەی ئازادیی خۆڕسک، لەسەر ئەو بڕوایە کە هەرچۆن هەموو شت هۆکارێکی هەیە، ئیرادەی مرۆڤیش خاوەن هۆکارە، هەر بۆیەش مرۆڤ ناتوانێت شتێک جیاوازتر لە دوایین ئەندێشەیەک کە بە دەستی هێناوە، بخوازێت، هەر لەم ڕووەوەیە کە لە ئەندێشەکانی ڤۆڵتێردا، لۆک توانای هێنانە زمانی ناوی ئازادیی نییە، چونکە لۆک بڕوای وایە کە ئیرادەی ئازاد تەنیا، هێزی ئەنجامدانی کارێکە کە مرۆڤەکان ویستوویانە. هەربۆیە بە تەنیا یەک ئەندێشەی سێبووری هێنەر بوونی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ لەبەر چاو گرتنی جۆری سیستەمی فەلسەفییەکەی و جۆری ئەو چارەنوسەی کە دیاریکەری کردەوەکانییەتی، بەردەوام وەها هەڵسوکەوت بکات کە دەڵێی ئازادە.

ڤۆڵتێر لە دیکشێنێری فەلسەفییەکەیدا، بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئازادیی خۆڕسک دەڵێت سەرەڕای نەبوونی ئازادیی ئیرادە، کردەوەکانی مرۆڤەکان ئازادە. گەرچی مرۆڤ کاتێک خاوەن ئازادی هەڵسوکەوتە کە ببێتە خاوەن توانای ئەنجامدانی. ڤۆڵتێر لە فەیلەسوفی ناداندا (٣٢) ڕایوایە کە ئیرادەی ئازاد، قسەیەکی بێمانا و زیادەیە، لەبەر ئەوەی کە ئیرادەی ئازاد، ئیرادەی بێ مۆتیڤ و لە

دەرەوەی سیستەمی سروشتە. بەمجۆرەش لە جیهانی هەستیدا، کارێکی پشت بەستوو بە هەڵکەوت و سودفە، بوونی نییە، سەرپاکی کارەکان لەسەر بنەمای یاسای هۆیەکیی باڵادەستە لە جیهانی پان و بەریندا. سودفە و هەڵکەوت وشەیەکە کە مرۆڤ بۆ پەردەپۆش کردنی نەزانیی خۆی سەبارەت بە دەربڕینی هۆکردی ناسراوی هەرهۆیەکی نەناسراو، خوڵقاندویەتی. لەم ڕووەوە جەبری (٣٣) باڵادەست بە سەر ئیرادە لە گوتاری فەلسەفیی ڤۆڵتێردا خۆ دەنوێنێت، بەو واتایە کە مرۆڤ تەنیا توانای کارێکی هەیە کە هێزی بە کردەوەیی کردنی ئەو کارەی بە دەست هێنابێت.

ڤۆڵتێر بە قەبووڵکردنی جەبری باڵادەست بە سەر ئیرادەی مرۆڤ، هاوڕایی خۆی لەگەڵ لۆک لەم بابەتەدا کە پرەنسیپی ئەخلاقیی خووخدەیی بوونی نییە، دەردەبڕێت. گەرچی ئەندێشە یاسای ئەخلاقی وەلا نانێت. ڤۆڵتێر پێیوایە کە خواوەند مرۆڤی وەها درووست کردووە کە بە تێپەڕبوونی کات، لە پێویستیی دادپەروەری تێدەگات. ئەو سەرەڕای بڕوا بە ڕێژەیی بوونی کاتی و شوێنیی بەها ئەخلاقییەکان، لەو ڕووەوە کە خودا مرۆڤەکانی کردووەتە خاوەن هەست و نەستی بێبڕانەوە و دانەری پێوەندی هەمیشەیی، بڕوای بە ڕێسا ئەخلاقییە گشتییەکان هەیە، کە مرۆڤەکانی سەرانسەری جیهان، بڕوایان پێیەتی. دواتر لەم ڕێسایانەوە، هەوڵی هەڵهێنجانی یاسای بونیاتیی کۆمەڵگای مرۆیی وەک؛ پرەنسیپی ئازار نەدانی هاوشێوەکان کە ژمارەیان کەم و سنووردارە، دەدات.

**ئەندێشە سیاسییەکان**

ڤۆڵتێر لەگەڵ خوێندنەوەی ئەندێشەکانی جۆن لۆکیفەیلەسوفی بەریتانی، دوکتۆرینێک دەدۆزێتەوە کە بە شێوەیەکی تەواو دەقادەقی ئایدیالە پشت بەستوو بە پۆزیتیڤیزم و بەرژەوەندگەراکەی خۆی دێتەوە. ئەو ساتەوەختەی لۆک دەگاتە ئەو بڕوایەی کە پەیمانی کۆمەڵایەتی لە پێشتر نییە، لە مافە سروشتییەکانی تاک، وەک پارێزەرێکی لیبراڵیزم دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش ئەمە ئەزموونێکی تاقانەیە کە هەڵدەسەنگێنرێت. بەو واتایە کە هەر شتێک کە تێپەڕ دەکرێت، بە تەنیا گریمانەیەکە. پانتایی هەندێک، هاوئاسۆ و دەقاودەقی پانتایی بەرژەوەندی و پانتایی سەلمێنراوە.

ڤۆڵتێر لەم دوکتۆرینەوە دەست دەداتە ئەنجامگیریی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەخلاق(٣٤) لای خۆی. ئەرکی مرۆڤ، بریتییە لەوەی کە چارەنوسی خۆی بە دەستەوە بگرێت، هەڵ و مەرجی خۆی باشتر بکات، بە سەقام و دڵنیا بێت و بە ناوکۆی زانست، پیشەسازی، هونەر و بە یارمەتی پۆلیسی باشی کۆمەڵگاکان، ڕێگای خۆی بڕازێنێتەوە. بەم شێوەیەش ڕێگای هاوبەش، بەبێ پەیمانێک کە هەموو کەس، ئامانجەکانی خۆی تێدا ببینێتەوە، مومکین نابێت؛ گەرچی سەرەڕای یاساکانی تایبەت بە هەر وڵاتێک، دادپەروەری کە گەرەنتی پەیمانی ناوبراوە، بابەتێکی جیهانییە. سەرجەم مرۆڤەکان دەتوانن، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە سەرجەمیان، بوونەوەری کەم تا زۆر عەقڵبڕن، دووەم بەهۆی ئەوەی کە هەموویان دەتوانن تێبگەن ئەوەی کە بۆ کۆمەڵگا بەسودە، بۆ یەک بەیەکی تاکەکانیش سودمەندە، لە

**گەرچی گەلێك لە لیکۆڵیاران، پێیانوایە کە ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر لە خۆیدا هەڵگری نوێگەرایی لە پانتایی فەلسەفەدا نییە، زیاترڕایان وایە کە لە لۆك و نیۆتۆن کاریگەری وەرگرتووە.**

پەیمانی ناوبراو، بونیادی ئایدیایەکی لەم چەشنە دابڕێژن. شایستەیی ئەخلاقی، بازرگانیکردن بە چاکەکانەوە بە ناوکۆی هەست و بەرژەوەندی، بە سەر ئیماندا سەپێنراوە. ڤۆڵتێر ڕایوایە کە ڕێسای ئەخلاق، ڕێسای پەروەردەی بنەماکانی پۆلیسی ناوبراو و خوگرتن بە ڕەچاوکردنی بنەما ناوبراوەکانە.

لەلایەکی دیکەوە، ڤۆڵتێر یەک لە پارێزەرە کۆڵنەدەرەکانی ئازادیی سیاسییە. ئەو هەر وەک مۆنتێسکیۆ، هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردن لە هەل و مەرجی ئازادیی باو لە بەریتانیای سەردەمی خۆیدا، بەشێوازی لۆک، ڕایوایە کە دەوڵەت دەبێ ڕێز لە مافی مرۆڤەکان بگرێت؛ گەرچی مەبەستی لۆک لە ئازادیی سیاسی، پێش هەموو شتێک، دابینکردنی ئازادیی ئەندێشە، بە واتای دابینکردنی ئازادیی بۆ فەیلەسوفەکان بوو. بەدگومانیی ڤۆڵتێر بە نیسبەت ئایدیالیستەکان و گاڵتەکردن بە بیرۆکەکانی ڕۆسۆ کە لەسەر بنەمانی یەکسانیی مرۆڤەکان بوو، بە شێوەیەک بوو کە وای لە ڤۆڵتێر کرد لە نامە گۆڕینەوەکانی خۆیدا بگاتە ئەوەی کە چینە نەوی و نزمەکان، بۆ هەمیشە نزم و نەوی دەمێننەوە. ئەو ڕایوایە کە حکومەتی پادشایەتی دەتوانێت هەل و مەرجی باشتر بۆ ئازادی و ڕەوا بوون و سیستەمی باشتر بۆ کردەوەی دادگایی دابین بکات، بە مەرجێک کە هێزی کڵێسە تێکبدرێت و لە باتیی دۆگماتیزم و چەقبەستوویی و کۆنەپارێزی، ڕووناک بیری بێتە ئاراوە. بێگومان هەرگیز ڕای وا نەبوو کە ڕزگاری، لەسەرهەڵدانی خەڵکی یان شۆڕشگێڕانە کە پشت بە توند و تیژی دەبەستێت، بێتە ئاراوە. بەم شێوەش گەرچی نوسینەکانی ڤۆڵتێر، هۆکارەکانی شۆڕشی سەدەی ١٨ی فەڕەنسای دابین کرد، بەڵام هەستکردن بە لایەنگریی ئەو لە شۆڕشێکی توند و تیژ، یان دروستکردنی زەمینەکانی شتێکی لەم چەشنە، هەڵەیەکی گەورەیە. ئەو هیچ مەیلی لە هاوئاهەنگ کردنی یاسای بنەڕەتی لەگەڵ ئەندێشە لیبراڵییەکان بەو شێوەی مۆنتێسکیۆ بڕوای پێی بوو، نەبوو. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە ئەو زیاتر کەیفی بە زیاتربوونی هێزی پادشایەتی لە دەرەوەی کاریگەریی قەشە مەسیحییەکان بوو. لەم ڕووەوە بێ بڕوا بوونی ڤۆڵتێر بە دیموکراسی و هەڵسەنگاندنی وەک بڵاوکەرەوەی نەزانیی جەماوەر، بە یەک لە خاڵە گرنگەکانی ئەندێشەی ئەو دێتە ئەژمار.

ڤۆڵتێر لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە تەنیا پاشایەکی ڕووناکبیر یان لایەنگرێکی ڕووناکبیری دەسەڵاتی ڕەها کە خاوەن ڕاوێژکارانی ڕووناکبیری وەک خۆی بێت، دەتوانێت بە شێوەیەک کە بە سودی ژێربێژانەی پادشا بۆ پێشخستنی دەسەڵاتی خۆی و خێری پاشایەتی و دانیشتوانیەتی، ببێتە هۆی گۆڕانکاری.

ڤۆڵتێر بە شێوەیەکی زاتی ڕای وایە کە حکومەتی پادشایەتی، کلیلی پێشکەوتن، گۆڕین و وەرچەرخانە، لە ئەندێشەی ڤۆڵتێردا؛ بۆرژوازیی فەڕەنسا ئێجگار بچوک و بێ هێزو بێ کاریگەر، ئاریستۆکراتیی، مشەخۆرو گەندەڵە و جەماوەریش، نەزان و دواکەوتوون و کڵێسەش وەک هێزێکی چەقبەستوو بەهۆی ئەوەی کە بە باجە ئایینییەکەی (٣٥) یان دە یەکەی (عشریە) دەستی داوەتە سازدانی پشتیوانی بۆ شۆڕشگێڕەکان، بە تەنیا تایەکی تەرازووی هاوسەنگییە.

سەرەڕای ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، ناکرێ بگەینە تێڕوانینێکی وەها کە ڤۆڵتێر دوژمنی پێشکەوتن و گەشەسەندنە، بەڵکو ئەو لە کاریگەرترین بڵاوکەرەوەکانی پێشکەوتن بووە کە زیاتر لە پێشکەوتنی سیاسی لەسەر بونیادی سیستەمێکی دیموکراتیک، مەبەستی پێشکەوتنی فیکری، زانستی و ئابوری لەسەر بنەمای ئەندێشە و هزر بووە. لەو ڕووەوە کە ئەو بڕوای وا بووە کە پادشایەکی ڕۆشنبین، باشتر دەتوانێت هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانست و ئەدەب و قەبوڵکردنی ئەندێشەکان دەستەبەر بکات.

ئەو لە هەندێک نامەدا کە بۆ کاترین(٣٦)، فرێدریک(٣٧) و سێزاری پرۆس نوسیویەتی، جودا بوونەوەی وڵاتانی هاوبەرژەوەندیی پۆڵەندا و لیتوانی لە یەکدی ستایش دەکات، دابینکردنی ئاسایش لە ڕێگەی کەرستەی سەربازییەوە بە باش هەڵدەسەنگێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە

که ڤۆڵتێرهەر بەو جۆرەی کە پێشتر بە شێوەیەکی بەردەوام لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەت لە ئەنسکلۆپێدیای فەلسەفیدا دەریبڕیوە بە توندی لە دژی بەکارهێنانی جەنگ و توندو تیژییە وەک کەرستەیەکی چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکان.

ئەو لە سەر ئەو بڕوایە کە جەنگ، کردەوەیەکی جەهەندەمییە(٣٨) و بەکارهێنەرانیشی، بکوژی گاڵتەجاڕن (٣٩)؛ گەرچی لێکۆڵیاران سەرەڕای ئەم بڕوا ئاماژە پێدراوە، نیشانەگەلێکی ئۆرۆسانترالیزمی(٤٠) پشتبەستوو بە ئاپارتایدی ڕەگەزییان لە بەرهەمەکانیدا دۆزیوەتەوە، بەمشێوە کە ڤۆڵتێر ئەفەریقییەکان بە نەویتر و خوارتر لە ئەورووپییەکان دادەنێت و جووە کۆنەکان بە خەڵکانێکی نەزان و بەربەر (وەحشی) لە قەڵەم دەدات. ئەو لە شوێنێکی دیکەدا، سیاسەتەکانی فەڕەنسا لە باکوری ئەمەریکا بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی فەڕەنسا دابین ناکات، بە توندی دەداتە بەر ڕەخنە، بە بڕوای ڤۆڵتێر وڵاتی فەڕەنسای نوێ، پارچە زەوی کەم بەفر یان وڵاتێکی خاوەن چەند ئارپان(٤١) بەفرە (٤٢) کە بەرهەمەکانی کەمێک زیاتر لە خورییە و لە بەرانبەر ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا پێویستی بە پشتیوانیی فراوان و بەردەوامی سەربازییە.

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا، ڤۆڵتێر بە ناوکۆی بەرهەمە بە ناوبانگەکەی، کاندید(١٧٥٩) یان خۆشبینی(٤٣)، ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە کە لەم نوسینەدا فەلسەفەی لایبنێتز دەکاتە گاڵتەجاڕ. کاندیدیش سانسۆڕ کراو ئەو بە نامەیەک کە تێیدا سەرلەنوی مشت و مڕە سەرەکییەکانی ناو دەقەکەی دەسەلماندەوە، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە بانگەشەی ئەوەی کرد کە نوسەری ئەم کتێبە کەسێک بووە بە ناوی دکتۆر دۆمەد(٤٤).

لەگەڵ ئەمانەش، ڤۆڵتێر لە فەڕەنسا بیرمەندێکی مشتو مڕکاری بەجەرگە کە بە شێوەیەکی بێ سنور لە ڕێگەی مافە مەدەنییەکان (مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە و ئازادیی ئایین)، لە تێکۆشانێکی بێوچاندا بووەو دووڕووییەکان و زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتی کۆنی(٤٥) داوەتە بە ڕەخنەی توند. ڕێژیمی کۆن، هاوسەنگیی نادادپەروەرانەی دەسەڵات و باجەکان لەنێوان چینی یەکەم (زانا ئایینییەکان)، چینی دووهەم (دەوڵەمەندەکان و خانزادەکان) و چینی سێهەم (جەماوەر و چینی ناوەندی، کە قورسایی باجەکان زیاتر لە سەر شانی ئەمانە بوو) لە خۆوە دەگرێت.

ڤۆڵتێر لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە مەرجی ئازاد بوون ئەوەیە کە مرۆڤ تەنانەت بۆ دەربڕینی ئازادانەی ئەندێشەکانی دژبەرەکەشی، گیانی خۆی ببەخشیت. هەر بۆیەش لە زمانی ئەووەوە وەهای دەگێڕنەوە: من لە دژی قسەکانی ئێوەم، بەڵام تا مردن پارێزگاری لە مافی ئێوە بۆ دەربڕینی ئەندێشەکانتان، دەکەم.(٤٦)

**دوا وتە**

گەرچی گەلێک لە لێکۆڵیاران، پێیانوایە کە ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر لە خۆیدا هەڵگری نوێگەرایی لە پانتایی فەلسەفەدا نییە، زیاترڕایان وایە کە لە لۆک و نیۆتۆن کاریگەری وەرگرتووە، بەڵام وا دیارە کە سەرنجدانە سەر ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر کە تایبەتمەندیی سەرەکییان دەربڕێنی بیرو ڕاکان لە ڕیگەی دەستەواژەو ڕستەی گاڵتەجاڕانەیە، هەروەها

دەوری ئەم ئەندێشانە لە پێکهاتنی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کە یەکێک لە ڕووداوە کاریگەرەکانی جیهانە، خـاوەن گرنگییەکی تایبەت بێت. دژایەتییەکانی لەبەرانبەر کڵێسە، کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر جەماوەری خەڵک دانا و تێکۆشان لە دژی ئایینی دەسەڵاتداری و کڵێسەیی کـردە ئامانجی خـۆی. هەندێک لە لێکۆڵیاران ئـەوەنـدە دەچنە پێش کە گەلێک لە یاسا تـونـدڕەوە دژە ئایینییەکانی سەردەمی فەڕەنسای شۆڕشگێڕ بە بەرهەمی ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر و هاوڕاکانی ئەو لە قەڵەم دەدەن.

پەراوێزەکان:

1-François-Marie Arouet

2 –Voltaire

3 -Henriade

4 -La PucelledOléans

5 -Virgil

6 -Alexandrine

7 -Candide

8 -LHomme aux quaranteecus

9-linfâme

10-écrasez linfâme

11-Dictionnaire philosophique

12-Encyclopédie

١٣- وشـەی DEISM بە واتای بڕوامەندی بە خواوەند بەبێ قەبوڵ کردنی ئایین دێت.

١٤- هەڵبەت هەندێک دەڵێن ئـەم ڕستانە هــی ڤۆڵتێرن: ئێمە دەتوانین ئەگەر ئێوە بتانەوێت باس لە هەبوونی خواوەند بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ناخوازم لە کاتی خەودا بدزرێم و سەرم ببڕن، دان بە خۆمدا دەگرم کە بەر لە هەموو شتێک ئێزنی خزمەتکارەکانم بدەم.

15 -Luniversmembarrasse, et je ne puissonger

Quecettehorlogeexiste et nait point dhorloger

un éternelgéomètre- 16

١٧- هەڵبەت زۆر پێشتر لە ڤۆڵتێر ئەم بورهانە لە لایەن فەیلەسوفانی ئێرانی وەک ئیبنی سینا و فاڕابی سەبارەت بە بوونی خواوەند، گەڵاڵە کراو ناکرێ ڤۆڵتێر یان جۆن لۆک بە داهێنەری ئەم ئەدێشە بزانرێت.

18-Augustinus

théistes– 19

٢٠- وشەی pantheism بە واتای بڕوا بوون بە هەمە خواوەندی

21 -Voltairean pantheism

٢٢- وشـــەی atheism بە واتـای نکۆڵی کـردن لە خواوەند و هەڵگەڕانەوە لە ئایینە و وشەی atheist بـە واتـای نکۆڵێ کـەری خواوەند و هەڵگەڕاوە لە ئایین دێت (الحاد و ملحد)

[23] -Ferney

[24] -siDieunexistaitpas,ilfau draitlinventer.

٢٥- گەلێک کـەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڤۆڵتێر بەهۆی ڕەخنەگرتنی زۆر لە کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمی، ئاتێئیستە، هەندێکیش ڕایان وایە کە شەڕی ڤۆڵتێر لەگەڵ دەزگای کڵێسەدا شێوازێکی ئـەم دونیایی هەیە کە بوونی خواوەند ناگرێتەوە.

[26] -Wolfgang Amadeus Mozart

[27] -The arch-scoundrel Voltaire has finally kicked the bucket.

[28] -Traité de métaphysique

[29] -Philosophy de Newton

[30] -liberty of indifference

[31] -spontanéité

[ ] -La Philosophe ignorant

[33] -déterminisme

[34] -morale

[35] -religious tax

[36] -Catherine(17291796-)

[37] -Friedrich(17121786-)

[38] -infernal enterprise

[39] -ridiculous murderers

[40] –eurocentralism

٤١- ئارپان یەکەیەکی درێژییە کە ٥٨.٤٧ مەترە.

[42] -quelquesarpents de neige

[43] -lOptimisme

[44] -DrDeMad

[45] -ancien regime

[46] -I disapprove of what you say, but I will defend to the death your right to say it.


idea
فكر